


August 18, 2003

# پەرەسەندنی زمانی زازایی

•د. زلفی سەلجان(Dr. Zilfi Selcan)

•کورتکردنەوە و وەرگێڕانەوەی: هێدی

لە سەرەتای سەدەی 19 دا زۆر لێکۆڵینەوەی زماناسی بەرێوە چوون. یەکەم جار لە ساڵی 1856 دا پیێتێر لێرش(Peter Lerch) لە لایەن ئاکادێمی زانستەکانی رووسییەوە راسپێردرا لە زازایی بکۆڵێتەوە. بەرهەمەکەی بە بێ شیکردنەوەیەکی رێزمانی لە 58-1857 دا بە رووسی و ئاڵمانی چاپ کرا. فریدریش مولێر(Friedrich Mueller) لە ساڵی 1864 دا تێکستەکانی "لێرش"ی دەگەڵ تێکستی دیکە پێککگرتن و دەریخست کە زازایی زۆر کۆنە.

پاشان ئالبێرت ڤۆن لێ کۆک(Albert von Le Coq) لە زمان زازایەکی نیشتەجێی سورییەوە هێندێک تێکستی زازایی نووسینەوە و لە ساڵی 1901 دا چاپی کردن. ئەو بەرهەمەش هیچی لەسەر رێزمان تێدا نەبوو. کاتێک ئۆسکار مان(Oskar Mann) لە ساڵی 1906 دا لە لایەن ئاکادێمی زانستەکانی حوکومەتی پرۆیسەوە راسپێردرا بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە زمانەکانی رۆژئاوای ئێران بەرەو رۆژهەڵاتی نێوەراست سەفەر بکا، لە ماوەی ئەو پێنج ساڵە دا کە لەوێ بوو هێندێک نموونەی لە زمانی زازاییش هەڵگرتنەوە و خەریکی لێکۆڵینەوە لەسەر رێزمانەکەشی بوو.

پاش ئەوەی دەگەڵ زازایی و گۆرانی، کە لە فارسی نوێ کەوتوونەوە، ئاشنا بوو، پێوەندییەکانی، لە باری مێژووی زمانەوە، بۆ روونتر بوونەوە. ئەوەش دە نامەیەکیدا، کە لە 4ی یولی(جولای) 1906 دا بۆ ئاکادێمی زانستەکانی حوکومەتی پرۆیسی نووسیوە، دەردەبڕێ: "لە سەر ئەو بۆچوونەی دەپێشدا دەرمبڕیبوو سوورم و دەڵێم زازایی بە هیچ چەشنێک کوردی نییە، ... ئەو هەمووە شێوە سەیرەی دە تێکستە هەرە کۆنەکانی زاراوەی باکووریی فارسیی نێوەراست دا بۆ گەردانکردن هەن، لێرە دە زازایی دا دەیانبینینەوە."(1)

پاش ئەوەی ئۆسکار مان بەو ئاکامە دەگا دەتوانێ بنەمای زانستیی بۆ دابەشکردنی مێژوویی زمانە ئێرانییەکانی رۆژئاوا پێکبێنێ و دابەشیان بکا بەسەر دەستەی باکووریی و دەستەی باشووریی دا.

ئێستا کە زازایی لە مێژووی زمان دا جێیەکی تایبەتیی هەیە، دەبێ لەو دوو ئێرانناسە ئاڵمانییانە(ئۆسکار مان و کارڵ هادانک)ی بزانین. کاتێک ئۆسکار مان لە 1917 دا مرد، کارڵ هادانک(Karl Hadank) راسپێردرا بەرهەمەکانی ئۆسکار مان بە ئەنجام بگەیەنێ. بەو پێیە هادانک لە ساڵی 1932 دا زۆر سەرکەوتوانە بەرهەمی "Mundarten der Zaza (زاراوەکانی زازایی)"ی بە ئەنجام گەیاند کە 398 لاپەرەیە و هەتا ئێستا بەرهەمێکی بێ وێنەیە. یەکەم رێزمانی زازاییش دەو بەرهە دا بڵاو بۆتەوە.

هادانک لە نووسراوەیەکیدا، لە 12ی ئاپریلی 1932 دا، لە سەر کارەکانی ئاکادێمی دەنووسێ: "بەو بەرهەمە زەحمەتترین کاری کۆکراوەکان، کە 10 ساڵە خەریکیانم، بە باشی کۆتایی پێ دێ. بۆم رەخسا کە رێزمانێک بۆ ئەو زمانە، کە زمانەکانی باکووری رۆژئاوای ئێران دەگرێتەوە، پێشکێش بکەم. هەتا ئێستا کەس خۆی بە رێزمانی ئەو

زمانەوە خەریک نەکردبوو. دەکرێ ئەو بەرهەمە، کە تەرخانە بە زازایی، بە گرینگترین بەرهەمی بەشی سێهەمی کۆکراوەکان دابندرێ."(2)

هادانک لە 1932 دا بەرەو سورییە و بەغدا سەفەر دەکا هەتا وێڕای کارەکانی دیکەی خەریکی تۆمارکردنی تێکستی زازاییش بێ. بەڵام بەداخەوە ئەو ئارەزوویەی لەمەڕ لێکۆڵینەوە لە سەر زازاکان وەدینەهات و لە بەر بێڕێزیی هاوڕێ کوردەکەی(جەلادەت بەدرخان) سەری نەگرت. پاش ماوەیەک هادانک دە نیازی جەلادەت بەدرخان گەیی و زانی بە تەمای چییە. دە نووسراوەیەکیدا دەنووسێ: " ئەمیر[جەلادەت بەدرخان] زازاکان بە کورد دەزانێ و دەیەوێ هەموویان بکوردێندرێن... حەز ناکا ئەمن وا بە مەیلەوە سەرنجی زازاکان بدەم."(3)

دوای ئەوەی کە هەوڵی هادانک بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر زازاکان بێ ئاکام مایەوە، بێدەنگییەکی درێژخایەن بە سەر ئەو مەسەلەیە دا زاڵ بوو، هەتا لە ساڵی 1985 دا تێری لین تۆد(Todd Terry Lynn) لە زانستگەی میشیگانی ئەمریکا لەسەر زازایی بەرهەمێکی بڵاو کردەوە.

نووسەرانی کورد، سیاسەتمەداران و حیزبە کوردییەکان بە هۆی سیاسییەوە زازایی بە زاراوەیەکی کوردی دەزانن.

لە باری مێژووی زمانەوە جیایی زازایی و کوردی(کرمانجی و سۆرانی) لە لایەن هەموو ئێرانناسەکانەوە سەلماوە و پشتیوانیی لێدەکرێ. پێویستە زمانناسەکان لە بەرامبەر چارەنووسی سیاسیی گەلە هەڕەشەلێکراوەکان دا هەست بە بەرپرسایەتیی تایبەتیی خۆیان بکەن و هات و هاواری سیاسی لەسەر زاراوە و لێکۆڵینەوەی زمانناسی، کە بنەمای هەیە، بە باشی لێک جیا بکەنەوە.

زازاکان کە نیشتەجێی ڕۆژهەڵاتی عەنەدۆڵن، بە پێی شوێنی ژیانیان خۆیان بە چەند نێوی جیاواز دەناسێنن: زازا، کرمانج، دملی، گینی. بەڵام بە گشتی هەر بە نێوی زازا ناسراون. بۆخۆشیان بە زمانەکەیان دەڵێن "زازاکی" کە نیزیکەی 3 میلیۆن قسەی پێ دەکەن. ئێرانناسی ئاڵمانی فریدریش کارڵ ئاندرێئاس(Friedrich Carl Andreas) پێیوایە نێوی "دملی" لە نێوی "دەیلەمی" سەرچاوە دەگرێ و زازاکان هەر پاشماوەی دەیلەمییەکانن. دەیلەمییەکان گەلێک بوون لە لێواری باشووریی دەریای خەزەر و ڕۆژئاوای خۆراسان و گورگان.[بە گوێرەی فەرهەنگی موعین، بەرگی 5، دەیلەم هۆزێکی ئێرانیی نیشتەجێی دەیلەمستان بووە. دەیلەمستان یان دەیلەمان لە کۆن دا بە سەرانسەری گیلان گوتراوە.- وەرگێڕ-].

ئەو زمانانەی سەرچاوەیەکی مێژوویی هاوبەشیان هەیە و وەک یەک دەچن خێزانێک یان دەستەیەکی زمان پێکدێنن. ئەوەی کە دوو زمانی هاوچەشن زمانی سەربەخۆن یان زاراوەی زمانێکی هاوبەش پێکدێنن، لە زمانناسیی دا بە پێی دوو بنەما بڕیاریان لە سەر دەدرێ:

1. ئەگەر ئاخێوەرانی دوو زمان لە یەکتر تێنەگەن، ئەوە دەبێ زمانەکەیان بە دوو زمانی سەربەخۆ دابنێین.

2. ئەگەر بنەماکانی ڕێزمانیی دوو زمان، لە باری فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی و وشەوە زۆر جیاواز بن و پەرەسەندنی مێژووییشیان جیاواز بێ، ئەودەم ئەو دوو زمانە بە دوو زمانی سەربەخۆ دادەندرێن.

---

vom 4. Juli 1906 O. Mann, Nachlass in der Staatsbibliothek Berlin(W), Brief aus Siverege :(1)

Wissenschaften), Akademiearchiv, Histor. Abt. BBAW(Berlin-Brandenburgische Akademie der :(2)

1932 die wissenschaftlichen Unternehmungen der Akademie, 12. April II-VIII-200: Berichte ueber

Seite I ,1 ,K. Hadank, Nachlass, Staatsbibliotthek Berlin(W), H4 :(3)

---

**سەرچاوە:** وتاری Die Entwicklung der Zaza-Sprache (پەرەسەندنی زمانی زازایی)، نووسینی دوکتور زلفی سەلجان(Dr. Zilfi Selcan)- ئەم وتارە لە 17.9.1997 دا بە ئاڵمانیی، بۆ سێمینارێک، نووسراوە و نووسەر لە 2.2.2002 دا بە مەبەستی بڵاوکردنەوە پێیدا هاتۆتەوە. سەرجەمی وتارەکە بە ئاڵمانیی لە سەر ئەو ماڵپەڕە داندراوە: http://home.arcor.de/mazlumkaya/deutsch/index_de.html


- کوردی زاراوەیە یان زمان؟
- وشەخوازتن و داتاشین
- زمان و زاراوە
- گۆرانی و زازایی کوردین؟